| | | | |
|---|---|---|---|
| | | کۆنترۆڵی سوتەمەنی بە تایبەت بەنزین | |
| 3 | بەدواداچون | بەدواداچون بۆ ڕێگری کردن لە هێنانە ژورەوەی زیاتر لە 27 تانکەر بەنزینی کوالێتی خراپ لە مەرزی باشماخ | 2016-11-3 |
| 4 | بەدواداچون | سەردانکردنی بەڕێوبەرایەتی ئاوی کەلار بۆ مەبەستی هەماهەنگی زیاتر و باشترکردنی دابەشکردنی ئاو | 2016-11-6 |
| 5 | بەدواداچون | بە دواداچون بۆ داخستنی چەندین بەنزینخانە بە هاوکاری لیژنەی پەیوەندیدار | 2016-11-8 |
| 6 | بەدواداچون | سەردانکرنی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی بۆ ئاگاداربون لە کێشەو گرفتەکانیان | 2016-11-9 |
| 7 | نوسراو | ئامادەکردنی پرۆژەیەك بۆ باشترکردنی ئابوری پارێزگای سلێمانی | 2016-11-10 |
| 8 | بەشداری | بەشداری کردنی گردبونەوەی مامۆستایان و فەرمانبەران– کەلار | 2016-11-12 |
| 9 | بەدواداچون | بەدواداچون کردن بۆ گرانبونی غازی ماڵان و چونیەتی چارەسەرکردنی | 2016-11-13 |
| 10 | بەدواداچون | بەدواداچون کردن بۆ ڕێژەی کارەبای پارێزگای سلێمانی و گەرمیان | 2016-11-14 |
| 11 | بەدواداچون | سەردانکردنی کارگەی ئارد و سایلۆکان بۆ باشترکردنی کوالێتی ئارد | 2016-11-16 |
| 12 | بەشداری | بەشداری کردن لە وۆرکشۆپێکی ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەموان لەسەر ڕاپۆرتی کۆتاییان لەسەر ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی | 2016-11-21 |
| 13 | نوسراو | بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بۆ بەستنی کۆبونەوەی نائاسایی ئەنجومەن، بۆ تۆمارکردنی سکاڵا لەسەر حکومەتی هەرێم و گفتوگۆ کردن لەسەر مامەڵەکردنی پارێزگای سلێمانی لەگەڵ حکومەتی عێراق | 2016-11-21 |

## 2- محەمەد عەبدولوەهاب عومەر

لەماوەی مانگی تشرینی دوەمی 2016 دا، محەمەد عەبدولوەهاب، وەکو ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، (24) چالاکی هەبوە، کە (13) چالاکیان سەردان و بەدواداچون و (5) بەشداریی و (6) چالاکی ئاراستەکردنی نوسراو بوە.

لەم خشتەیەی خوارەوەدا، وردەکاریی چالاکیەکان خراونەتە رو:

| ز | جۆری چالاکی | مەبەستی چالاکی | بەروار |
|---|---|---|---|
| 1 | بەشداری | بەشداری کردنی گردبونەوەی مامۆستایان و فەرمانبەران- کەلار | 2016-11-1 |
| 2 | بەشداری | بەشداری کردنی گردبونەوەی مامۆستایان و فەرمانبەران- کەلار | 2016-11-12 |
| 3 | بەدواداچون | سەردان کردنی هەردو نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب و نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژاری ئاسایش، بۆئاگاداربون لە کێشە و گرفتەکانیان گەیاندنی بە لایەنی پەیوەندیدار | 2016-11-12 |
| 4 | بەدواداچون | سەردانی بەرێوبەری ناحیەی سەرقەڵا بۆ ئاگاداربون لە کێشەو گرفتەکان و کارکردن بۆ پرۆژەی کارەبای حەسیرە و گۆرینی مەڵبەندی تەندروستی سەرقەڵا بۆ 24 کاتژمێریی بەو پێیەی نزیکەی 15 هەزار هاولاٌتی لەسەر ئەو مەڵبەندەیە | 2016-11-13 |
| 5 | بەدواداچون | سەردانی بنکەی پۆلیسی سەرقەڵا بۆ هەماهەنگی زیاتر و ئاگاداربون لە کێشە و گرفتەکانیان | 2016-11-13 |
| 6 | نوسراو | نوسراو بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بۆ چارەسەری کێشەی شۆفێرانی تەکسی هێڵی کەلار-سلێمانی | 2016-11-14 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 7 | نوسراو | بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بە مەبەستی دابین کردنی پزیشکی نیشتەجێ و نیشتەجێی دێرین، هەروەها زیادکردنی بەشە دەرمانی سنوری ئیدارەی گەرمیان و دابینکردنی سەلاجەی پێکوتە "لقاح" | 2016-11-14 |
| 8 | نوسراو | بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بە مەبەستی گۆرینی مەڵبەندی تەندروستی سەرقەڵا بۆ 24 کاتژمێری | 2016-11-14 |
| 9 | نوسراو | بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بە مەبەستی دروستکردنی وێستگەی بەرهەم هێنانی کارەبا لە سنوری ئیدارەی گەرمیان لە گوندی حەسیرە | 2016-11-15 |
| 10 | بەشداری | بەشداری کردن لە نارەزایەتی مامۆستایان و فەرامانبەران لە سلێمانی | 2016-11-15 |
| 11 | بەدواداچون | سەردانی بەرێوبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان بۆ چارەسەرکردنی گرفتی خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان | 2016-11-16 |
| 12 | بەدواداچون | بۆ پەیمانگایی نابیستانی گەرمیان بۆ ئاگادار بون لە گرفتەکانیان | 2016-11-16 |
| 13 | بەدواداچون | سەردانکردنی شارەوانی رزگاری و بازاڕی ئاژەڵفرۆشانی ناحیەکە بۆ ئاگاداربون لە شێوازی دابەشکردنی بازارەکە | 2016-11-16 |
| 14 | بەدواداچون | سەردانکردنی بەرێوبەرایەتی رێگاوبانی گەرمیان بەمەبەستی داواکردنی تەواوکردنی قیرتاوکردنی رێگای نێوان خان-سەنگاو، هەروەها قیرتاوکردنی رێگایی مەیدانی نوێی ئاژەڵان | 2016-11-17 |
| 15 | بەدواداچون | سەردانکردنی سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان بۆ گەیاندنی کۆمەڵێك داواکاری | 2016-11-17 |
| 16 | بەدواداچون | سەردانکردنی بەرێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەیان لە رێگە گرتن لە ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر لە سەر پردی مەیدان چونکە مەترسی روخانی لەسەرە | 2016-11-20 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 17 | بەدواداچون | سەردانکردنی بەشی پۆلیسی کەلار بۆ هەماهەنگی زیاتر | 2016-11-20 |
| 18 | بەدواداچون | سەردانکردنی قائیمقامی دەربەندیخان بە مەبەستی گەیاندنی کۆمەڵێك داواکاری | 2016-11-21 |
| 19 | نوسراو | بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بە مەبەستی ئاگادارکردنەوەی ئیدارەی گەرمیان و ناحیەی مەیدان بۆ ڕێگە گرتن لە چونی ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر بەسەر پردی مەیداندا چونکە مەترسی روخانی لەسەرە | 2016-11-21 |
| 20 | نوسراو | بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بە مەبەستی ئاگادارکردنەوەی هێڵی ئینتەرنێتی (فاست لینك) هاوڵاتیەکی زۆر گلەیی و گازندەی لێی هەیە | 2016-11-23 |
| 21 | بەشداری | بەشداریکردن لە ڕێپێوانێکی جەماوەری لە شاری کەلار سەبارەت بە ئیدانەکردنی تیرۆرکردنی (د.هۆشیار) | 2016-11-25 |
| 22 | بەدواداچون | سەردان کردنی گوندی گوندی (بەرلوت) لەسەر داوای هاوڵاتیانی گوندەکە و بەدوادچونکردن بۆ خراپی ڕێگایی قوتابخانەکەیان و خراپبونی ماتۆڕی سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەیان | 2016-11-26 |
| 23 | بەدواداچون | سەردانکردنی بەڕێوبەری ناحیەی رزگاری بە مەبەستی گەیاندنی کێشە و گرفتەکانی چەند فەرمانگەیەکی ناحیەکە | 2016-11-27 |
| 24 | بەشداری | بەشداری کردن لە گفتوگۆیەك لە رادیۆی دەنگ سەبارەت بە کاری ئەنجومەن لەگەڵ کۆمەڵێك رۆژنامەنوس و چالاکوانی گەرمیان | 2016-11-27 |

## بەشی سێیەم:

## ئەنجامدانی گفتوگۆیەك بۆ ئەندامی ئەنجومەن ( محەمەد عبدلوەهاب )



یەکێك لە چالاکیەکانی یەکەی چاوێری نوێنەرانی گەرمیان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ئەنجامدانی گفتوگۆیەك بو بۆ (محەمەد عبدلوەهاب) لەگەڵ چەند رۆژنامەنوس و چالاکوان و مامۆستایەکی شاری کەلار، بۆ قسەو باس کردن لەسەر کار و چالاکیەکانی ئەنجومەنی پارێزگا و ئەو کارانەی لە پێشتر کردویانە و کاری داهاتویان چی ئەبێت.

لەسەرەتادا بەرێوبەری رادیۆی دەنگ (ئازاد عوسمان) بیرۆکەی دانانی یەکەکە و چۆنیەتی کارکردنی یەکەکەی خستە رو، خاڵی پەیوەستی یەکەی چاودێری و بواری رۆژنامەنوسی بۆ ئامادەبوان شیکردەوە و گوێی بۆ سەرەنج و تێبینیەکانی ئامادەبوان گرت لەسەر کاری یەکەکە.

پاشان (ئەحمەد حەمید)، سەرپەرشتیاری یەکەی چاودێری نوێنەرانی گەرمیان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە رادیۆی دەنگ، تیشکی خستە سەر کاری ئەم یەکەیە لە ماوەی ئەم مانگەداو شیکردنەوەی برگە و بابەتەکانی ئەو راپۆرتەی کە یەکەکە مانگانە دەریدەکات و بڵاوی دەکاتەوە.

دواتر (محەمەد عبدلوەهاب)، ئەو کار و چالاکیانەی کە لە ماوەی پێشوتر ئەنجامیدابو بۆ ئامادەبون خستیە رو، هەروەك لەگەڵ ئەوەشدا سنوری کار و دەسەلاتی ئەندامی ئەنجومەنی بە ئامادەبوان ئاشناکرد و ئامادەبوان لە نزیکەوە ئاگاداری شێوازی کارکردنی ئەوان و سنوری دەسەڵاتیان بون.

(محەمەد عبدلوەهاب)، رونیکردەوە کە لە ماوەی پێشودا چەندین چالاکی جۆراو جۆری ئەنجامداوە لە سەردان کردنی بەرێوبەرایەتیەکان و بەدواداچون کردن بۆ کێشەی هاولاتیان و ئاراستەکردنی نوسراو بەشداری کردنی چالاکیە جۆراوجۆرەکان و هاوکاری کردنی چین و توێژە جیاوازەکان، ئەمەش سەرەڕای ئەوە کە وەك خۆی

**ئاماژەی پێکرد کۆمەڵێك کاری دیکەیان لەبەردەستدایە، بەلاّم قەیرانی دارای ڕێگربوە لە ئەنجامدانی و تا وەکو ئێستاش لە هەوڵدان بۆ ئەنجامدانیان.**

**پاش ڕونکردنەوە و سەرەنجەکانی ئەندامەکەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، ئامادەبوان سەرەنج و تێبینەیەکانی خۆیان خستەڕو گفتوگۆیەکی چروپر لە نێوان ئامادەبوان و (محەمەد عبدلوەهاب) ئەندامی ئەنجومەندا هاتە ئاراوە و بە وردی دەست لەسەر زۆربەی کێشە و گرفتەکانی گەرمیان دانرا و گفتوگۆیان لەبارەوە کرا.**

**لە ئەنجامی ئەو گفتۆگۆیانەی کرا کۆمەڵێك خاڵ و تێبینی و پێشنیار خرانە بەردەست ئەندامەکەی ئەنجومەن بۆ ئەوەی لە داهاتودا کاریان لەسەر بکات، کە لێرەدا پوختەی ئەو پێشنیارانەتان بۆ دەخەینە ڕو:**

**1.چرکردنەوەی کاری ئەندامانی ئەنجومەن لەسەر ئەو بەدواداچونانەی کە دەیکەن تا بە ئەنجام گەیاندنیان نەك تەنها نوسراو ئاراستە بکەن.**

**2.خستنە ڕوی بەشێك لە کێشە و گرفتەکانی کەرتی تەندروستی لەگەرمیان، لەوانەش:**

**– نەهاتنی دکتۆری پسپۆر بۆ سەردانیکردنی نەخۆش لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار لە کەلار.**

**– نەبونی دەرمانی پێویست لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار لە کەلار.**

**– گرانی نرخی نۆرینگەکان و بینینی نەخۆشێکی زۆر لە ماوەیەکی کەمدا لە نۆرینەگەکان .**

**3. ئەنجامدانی کۆبونەوەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە گەرمیان.**

**4. کردنەوەی سەنتەرێك بۆ ئافرەتانی بە جێماو لە ئەنفال.**

**5. کۆکردنەوەی سەرجەم داهاتەکانی سنوری سلێمانی ئاشکراکردنی بۆ هاولاّتیان.**

**6. هەوڵدانی زیاتر بۆ کردنەوەی دەرگای قوتابخانەکان و دەستپێکردنەوەی دەوام.**

**7. ئاشکراکردنی ئەو داهاتەی لە کۆی داهاتی سلێمانی بۆ گەرمیان سەرف دەکرێ.**

**8. هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی کارگەکانی لم و چەو لە سەر ڕوباری سیروان و ئەنجامدانی پرۆژەی گەشتیاری.**

**9. هێنانی بازرگانەکان بۆ ئەنجامددانی پرۆژە و فراوان کردنی بازاری شاری کەلار.**

**10. بەدواداچون کردن بۆ پرۆژە وەستاوەکان و هەوڵدان بۆ خستنەوە کاریان.**

**11. ئەنجامدانی کۆبونەوە لەگەڵ هێزە ئەمنیەکان بە تایبەت هێزەکانی پۆلیس بەبێ بەشداری ئەفسەرەکانیان، بۆ زانینی کێشە و گرفتەکانیان.**

**12. هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی کرێی خوێندن لە خوێندنگا ئەهلیەکان و خوێندنی پاراليل.**

**هەروەك بەشداربوان داوایان لە ئەندامەکەی ئەنجومەن کرد کە بەبێ بیرو بۆچونی حیزبی کار بکات و نوێنەری سەرجەم گەرمیانیەکان بێت لە ئەنجومەن و سوپاسیان کرد بۆ ئەو کارانەی کە لە پێشودا کردویەتی بۆ خزمەت کردنی گەرمیان.**

**لایخۆشیەوە (محەمەد عبدلوەهاب) ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ئاماژەی بەوە کرد کە کاری جدی لەسەر سەرجەم ئەو پێشنیارانە دەکات و سوپاسی ئامادەبوانی کرد بۆ خستنەروی کێشەکانی گەرمیان.**




**بۆپەیوەندی:**

07702303676 – 07480207400

Radiodeng@yahoo.com

Radiodang.org